# د.کەماڵ لە دادگای دەسەڵاتەوە ، بۆ دادگای ئەنتی دەسەڵات !

ڕزگار عومەر
rezgar@dengekan.com

پاش ئازاد بوونی لە زیندان و گەڕانەوەی بۆ ئەوروپا ، بەڕێز د.کەماڵ لە پاڵتاك لە ژووری " کوردستان یونایتد " ئامادەبوو بۆ وەڵام دانەوەی پرسیاری خەڵکێکی زۆر ، کە لە یەك ژوورا جێگایان نەبۆوە بە ناچار دوو ژووری تریشیان بۆ ئەو ژمارە زۆرەی ئامادەبووان کردەوە . لە وێدا سەرەڕای ئەبڵەق بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئامادەبووان بە وەڵامەکانی د. کەماڵ ، بە ئاشکرا تووڕە بوونێکی بێ پەردەو بێزار بوونێکی توند ، لە هەڵس و کەوت و ئینفیعالی زۆربەی ئامادە بوواندا ڕەنگی دایەوە ، زۆربەی ئامادەبووان بە چاوەڕوانیەکی تری ئێجگار گەورە لە د. کەماڵ گوێگر بوون ، بەڵام کە هاتە قسە ئەم خەڵکە ڕووبەروی پەردەی دووەمی کێشەیەك بۆوە ، کە کەم یا زۆر لە حیساباتی نەبوو بەم کۆتاییە بگا . لە وێدا د. کەماڵ ڕایگەیاند کە ئەو ووتارانەی ئەو نووسیویەتی ، بووە بە بەشێك لە ڕابردوو ئیتر ئامادە نییە لە سەریان بدوێ . ئەو ووتی بە ئیتیفاقی هەموو لایەك ئەمە کۆتایی پێ هاتووە ، ئەو لەمەودوا بە عەمەلی خەریکی هەندێ پڕۆژە دەبێ کە هیچ پەیوەندی بەو ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەوە نیە کە ئەو لە سەری خرایە زیندان و ئاوا کێشەیەکی گەورەی لێ دروست بوو . ئەوەی بەڕێز د.کەماڵ بەم ئەنجامە گەیشتووە بۆمن زۆر ئاساییە ، بەڵام ئەوەی کە هەرگیز ئاسایی نەبوو ئەو هەڵس و کەوت و بۆچوونانەی ئامادەبووان بوو ، کە لە ژێر کاریگەری ئەو هەڵوێستە تازەیەی دکتۆر وەکو دیاردەیەکی پڕ لە ناکۆکی خۆی خستە ڕوو ، ئەمە دیاردەیەکە بوعدی زۆر نیگەتیڤی هەیە کە دەکرێ وەکو ئەزموونێکی گرنگ لەسەری بدوێین .



ئەو برادەرانەی لە پشتی کەمپینی ئازاد کردنی د.کەماڵ بوون ، تا ڕۆژی بەربوونی زۆر بەدڵسۆزی و زۆر ماندوو نەناسانە کاریان کرد ، ژمارەی ئەو ووتارو دانیشتن و مەلەفانەی لە ماوەی شەش مانگدا لەسەر ئەم کێشەیە هاتە بەرهەم زۆر زۆر بوو ، کێشەکە هەر لە ژێر چالاکیەکانی ئەو کەمپینە بوعدێکی نێو دەوڵەتی بە خۆیەوە گرت ، ئەمریکا و دەوڵەتی تر لە ڕێگای ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی دیبلۆماسیدا وەکو کێشەیەکی " دیموکراتی " فشاریان لەسەر دەسەلاتی کوردی دانا . لە نێو میدیای کوردیشدا مەیلی داواکاری بۆ ئازاد کردنی دکتۆر و ریسوا کردنی ئەو دادگاو یاسایەنەی مامەڵەی پێ کرا زۆر فراوانتر بوو ، لەو قەڵەم بە دەستانەی بە بەرژەوەندی دەسەڵات و سیستەمی قەزا لە کوردستان وەکو فانووسی قەدیم پرتە پرتیان بوو .

ئەم گەورە بوونە لە کێشەکە پێویستیەك بوو لە پێویستیەکانی سەپاندنی ئازادی بیرو ڕا ، کە وای کرد بە قەدەر ئەو گەورەبوونە ، بە بێ ئەوەی پلانمان بۆ کێشابێ لە دیدگای ئیش کردنی شەش مانگی ڕابردوودا ، هەڵس و کەوت و مامەڵە لە گەڵ ئەم کێشەیە لە سەر دوو میسۆدی جیاواز چەق ببستبێ .

سەرەڕای ئەوەی خەڵکی کورد ئەمڕۆ لە سیاسەتدا لە کێشەکانی نێوان دەسەڵات و جەماوەردا بە زمانێکی زۆر ڕەوان و واقیعی دەدوێ ، بەڵام لە دەرەوەی ئەم ئاخاوتن و ئەو زمانە واقیعیە ، میراتەکانی میسۆدی ئەفسانە و بەرهەمهێنانی " قارەمان " ێك بۆ عینوانی شەڕەکانمان ، سەنعەتی بە ڕەمز کردنی ئینسانێك بۆ سەپاندنی چاوەڕوانیەکی ئەفسانەیی لە ئەزموونی ئەودا جێگیر بووە .

واتە لە کێشەی د.کەماڵ چەندە واقیعی تاڵی سەرکوتی سیاسی دەسەلاتی کوردی حازربوو ، چەندە کەمپینی ئازاد کردنەکەش بۆ بەرگری لە ئازادی بیرو را بەزمانی مەنتیق و ڕەوابوون دەدوا , بە هەمان ئاستیش میسۆدێکی تر ، میسۆدی ئەفسانەی

سەفەری قارەمانێك ، هاوسۆزیەكی گەورەی بۆ خۆی دروست كرد ، قارەمانێك دەست بۆ پایەكی "موقەدەس " ی دەسەلات درێژ دەكا ، بە تەنیا خۆی و قەڵەمەكەی جەرگبڕترین هێرش دەكاتە سەر پەردە ڕۆژهەلاتیە بە دەور تەنراوەكانی ئەم موقەدەسە . ئەم میسۆدی ئەفسانەیە چەندە لە هەموومان مەوجودە ، دووقاتی ئەوەش لە د.كەمال ی پێش سەفەر مەوجودە . لە گەرمەی سەرسام بوونی كۆمەڵگەی كوردی بەتاوانەكانی گروپی شێخ زانا ، دكتۆر بە كەرەستەی لاواز دەستی بەم شەڕە كرد دژ بە موقەدەس ی دەسەلات . پێش ئەوەی دەست پێ بكا ، هیچ ئیشی لە سەر بەرهەمهێنانی تێزێك نەكردبوو كە خۆی كۆمەلایەتی بكا لە قەناعەت پێهێنانی توێژێك یان ڕێژەیەكی تەنانەت زۆر بچوكیش لە رای گشتی كوردیدا .



ئەو دیلی دەستی بڕیارێك و سەفەرێك بوو ، كە تەحەدا كردنێكی زۆر شەخسیانە تا ئاستی خەیاڵ ، تا ئاستی ئەوەی قۆناغ بە قۆناغی نزیك بوونەوەی خۆی لە وولات و شارەكەی خۆی ، ڕووبەڕووبونەوەی لە گەڵ دەسەلات ، لەگەڵ پارێزەرو میراتگرە شەرعیەكانی ئەو موقەدەسەدا بە نووسین لە سایتەكاندا ئاگادار دەكردەوە .

با بە بیری خۆمانی بهێنینەوە ، دكتۆر لە ئاگادار كردنەوەی هەنگاوەكانی سەفەرەكەی كە شێوەی بروسكەی جەنگی وەرگرتبوو ، پێمانی ڕادەگەیاند :- بەیانی دەڕۆم ، وا لە ڕێگای ئیبراهیم خەلیلەوە دەچمە ناو كوردستانەوە ، ئەوا گەیشتمە هەولێر ، ئەم بەرقیاتە بۆ خوێنەرانی سایتەكان هاوسۆزیەكی گەورەی دروست كردبوو ، لە نهۆمەكانی سەرەوەی ئەو هاوسۆزیە ئینسانی بوونێكی گەورە هەیە ، لە ژێر ژێری خوارەوەی ئەم هاوسۆزیەش منداڵیمان و شاگەشكە بوون بۆ تەواو كردنی حیكایەت بە هەر نرخێك بێ ، دڵ لێدا نمان بۆ بەسەرهاتی ئایندەی قارەمانەكە كرو بێ دەنگ خۆی گرمۆڵە كردبوو.

ئەم لەزەت بینینەی , مناڵەكەی نێو قوڵایەكانی لاشعورماندا , ئەوەندە گەورە بوو كە نوتقی بیر كردنەوەی عەقڵی لێ گرتبووین ، بۆیە كەسمان پێش سەفەری د.كەمال ئاگاداریەكمان بلاو نەكردەوە لە میدیادا كە تكا لە دكتۆر بكەین سەفەر نەكا ! ئەمە بۆ زۆر كەس ڕەنگە مایەی پێكەنین بێ ، بەلام بۆ من هەلوێستێكی گەورەیە كە بەشێك لە ستراكتۆری ئەم ناسنامەیە پێك دێنی كە هەموومان ڕۆژانە سیاسەتی پێ دەكەین ژیانی پێ دەبەینە سەر .

حیكایەتەكان كوشت وبڕینێكی زۆری تێدایە ، هێزی عەجیبی تێدایە كە ناتوانین هیچی لێبگۆڕین ، بەلام سەفەری د.كەمال حیكایەتێ بوو كە دەكرا كەسێك بە ڕاستی تیرۆر بكرێ ، كەسمان نەمان ووت مەچۆ ، خۆمان شاهێدی لە دایك بوونی حیكایەتێك بووین دەمانتوانی لە نیوەی دەقەكە بۆپێش گرتن بە موغامەرەیەكی خوێناوی بیوەستێنین بۆ ئەوەی كەسێك نەكوژرێ . ئەوەمان نەكرد ، بۆ نەمان كرد ، چونكە لە پاڵ لەزەتی بینینی كۆتایی ڕووداو ، یەك باوەش موراهەناتی سیاسیمان خستبووە نێو باولی سەفەری قارەمان ، ئەمە ڕێگر بوو لەوەی پێشی پێ بگرین ،ئەم بێ دەنگیە بە ئاسانی تێپەڕ بوو ، چونكە دكتۆریش لەم ئاو هەوا میتافیزیكیەدا لە مەستی ئەو تەحەدا شەخسیە ، سەفەری كردە سەفەری عومر .

تموحاتی دكتۆر هەرچیەك بووبێ لەم سەفەرە ، هیچ لەوە ناگۆڕێ كە لە ئان و ساتی سەفەرەكەی لە دەرەوەی مەدلولە واقیعیەكانی خۆی وەكو تاكێكی كوردی خاوەن هێز و پایەی دیاری كراو ، بە زمانی ئەفسانەیی قارەمانی نێو داستانە یۆنانیەكان دەدوا ، قارەمانێكی میتافیزیكی بەتەنیا دەچووە شەڕ ، ڕایدەگەیاند كە بە نیازە لە دادگای ژێر سایەی

زاڵمەکاندا ڕووبەڕووی زاڵمەکان ببێتەوە . دادگایەك کە ئێمە پێش ئەوەی بگاتە ئەوێندەر بە دکتۆرمان نەووت : لە ژێر سایەی دادگاو یاساکانی بەعسدا هیچ حەقیقەتێك نادۆزرێتەوە .

ئێمە تەنیا ئەو کاتە بیرمان کەوتەوە کە ئەو دادگایە دادگای بەعسە ، کە حوکمی دکتۆری دا ، بەڵام ئێمە دەبووا پێش سەفەری دکتۆر ڕەخنەمان لێ گرتبا ، کە تۆمار کردنی شکایەت نامە لە دەسەڵاتدارانی کورد لە دادگایەك کە ئێستاش بە یاسای بەعس ئیش دەکاو بە مەعاشی دەسەڵاتداران بە ڕێوە دەچێ پیشەی ئێمە نیە .



ئەم بێ دەنگیە لە بەرامبەر ئەو ڕووبەڕبونەوەی دکتۆر بە تەما بوو لە ڕێگای دادگاوە بیکا ، یەکێك بوو لەو پایانەی کە دەسەڵات بۆ دادگا کردنەکە لە قۆناغی یەکەمدا سوودی لێ بینی .

ئەم بە سەر کردنەوەی هەڵوێستانە پەیوەندی زۆری بە ئەمڕۆ و بە ئایندەمانەوە هەیە ، دۆزینەوەی ڕەگی بیرکردنەوەی میتافیزیکی لە ئەزموونەکەماندا ڕەخنەگرتن لەو ڕەگانە یارمەتیدمان دەدا لە دروست کردنەوەی هێڵەکانی جیاوازی ، جیاوازی نێوان ئێمەو دەسەڵات ، لە نێوان بیرکردنەوەی عەقڵانی و ناعەقڵانی .

ئەو هەڵوێستە توند و دڵبەردانەی لە بەرامبەر دکتۆر نیشان درا ، ئەنجامێکی ئاسایی دارمانی ئەو هەموو چاوەڕوانیە گەورەیە بوو لە قارەمانێك کە کراسی قارەمانی دائەکەنێ ، بەڵام لە دەرەوەی دەسەڵاتدا بەرەو ڕووی دیوارێك لە تووڕەبووندا بۆتەوە کە لە ئێستادا ڕێگرە و ئامادە نییە وەکو ئینسانە سادەکەی جارانی خۆی قبوڵی بکاتەوە .

بێنە بەرچاو کام لە ئێمە خزم و کەس و کارمان نیە ئەندامی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار نەبن ، کەسمان بە " خۆفرۆش ، خائین ، دوڕاو " کۆمەڵێ شتی تر ناویان ناهێنین ، ئەمەی کە واناکەین ئەنجامی مامەڵە کردنێکی واقیعیانەیە کە ئێمە ئەو بارە وەکو شتێکی قابیلی گۆڕان مامەڵەی لە گەڵ دەکەین وجودی کۆمەلایەتیان ناخەینە ژێر پرسیاری مۆڕالی ، بەڵام ئەم مامەڵەیە لە گەڵ قارەمانێکی دەستکردی خۆمان یان بیرکردنەوەی میتافیزیکی پەنای شەرەکانمان بە کار ناهێنین ، نەبوونی گیانی لێ بووردن و تێگەیشتن لە تراژیدیاو بە سەرهاتی ئینسانێك کە لە دوای ئازاد کردن ، لە دوای 48 سەعات لە گەیشتنەوەی بۆ ماڵی خۆی هیچ تامێکی لە ئازاد بوون و باڵە فڕەی خۆی نامێنێ ، چونکە لە لۆژیکی بەشی زۆری نێو خەڵکی ئەنتی دەسەڵاتا لە بەرامبەر پۆستی قارەمانیدا شکستی هێناوەو خراوەتە بەندیخانەیەکی دڵڕەقتری مەعنەوی و مۆڕالی سزای پەشیمان بوونەوە .



ئەزموونی د.کەمال و ئەو کەمپینەی بۆ بە ڕێ خرا لە زۆر لاوە دەکرێ بەرووبوومەکەی بچنینەوە ، لە زۆر لاوە دەکرێ گۆشە لاوازەکانی بدرێتە بەر ڕەخنە ،یەکێك لەو دەرسانەی کە دەکرێ بە ڕەخنە گرتن جێگیر بکرێ ، ئەوەیە کە ئینسان هەست بکا لە دەرەوەی دەسەڵاتدا ، ڕەنگە پلەو پایەی ئابووری کورسی یان مەکرەمەی دەست نەکەوێ ، بەڵام جیهان بینیەکی گەورە لە ئازادی و لە بەهای ئینسانی دەست دەکەوێ ، ئەبێ ئەو تێگەیشتنانەی دەسەڵات سەرخانی سیاسی و ئایدەلۆژی خۆی پێ بە هێز دەکا

له بابه‌تی حوکمه مۆڕالیه‌کان و دادگا ته‌عسوفیه‌کان ، خۆی له نێو تووڕه بوون و دادگا مه‌عنه‌ویه‌کانی ئه‌نتی ده‌سه‌لاتدا دووباره نه‌کاته‌وه ، دونیای ئه‌نتی ده‌سه‌ڵات هیچ به‌هایه‌کی عه‌مه‌لی ، جێگایه‌ك له کۆمه‌ڵایه‌تی بوونێکی فراواندا له رای گشتی کوردی بۆ خۆی ناکاته‌وه ، ئه‌گه‌ر به دیموکراسی و هیۆمانیزم خۆی له ده‌سه‌ڵات جیا نه‌کاته‌وه .